## ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی

**نۆتینگهام/٨ی دیسێمبەری ٢٠٠٦**

# ڕێپێوانێ جەماوەری بۆ بەردەم ئۆفیسی شورای خوێندن

**له درێژەی چالاکیەکانی تۆڕی پەنابەران له نۆتینگهام له دژی بڕیاری وەستاندنی کۆرسەکانی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەسایلم سیکەر ئەمڕۆ ڕۆژی هەینی 06/12/8 ڕێپێوانێکی جەماوەری بۆ بەردەم ئۆفیسی شورای خوێندن و بەهرەکان (لێرنینگ ئەند سکیڵس کانسڵ) ئەنجامدا. سەرەتا خۆپیشاندەران له 12.30 تا 1 ی پاش نیوەڕۆ له سەنتەری شار بەژمارەیەکی زۆرەوە کۆبوونەوەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش دووبارە بۆ عەکسردنەوەی ئەم چالاکیە ئامادە بوون، لەوانە تەلەفزیۆنی بی بی سی ئیست میدلانس و ڕادیۆی بی بی سی نۆتینگهام و ڕادیۆی ترێنت ئێف ئێم چاوەپێکەوتنیان لەگەڵ جاسم غفور و مورات کە پەنابەرێکی ڕووسی یە ئەنجامدا. پاشان خۆپیشاندەران کە زمارەیان زیاتر له 100 کەس دەبوون کاتژمێر 1.10ی پاش نیوەڕۆ بەرەو بەردەم ئۆفیسی شورای ناوبراو کەوتنەڕێ کە نزیکەی نیو کاتژمێر بە پێ لە سەنتەری شارەوە دوورە، لە کاتی ڕێکردندا خۆپیشاندەران بە هۆتافی (کۆرسەکانی زمانی ئینگلیزی دامەخەن، جیاکاری بوەستێنن خوێندن پێشکەش بکەن، مافی پەنابەری مافێکی ئینسانیە) دەنگی ناڕەزایەتی پەنابەرانی گەیاندە گوێی دانیشتوانی نۆتینگهام. پاش نیو کاتژمێر خۆپیشاندەران بەدەم درێژەدان بە هوتاف کێشان گەیشتنە بەردەم ئۆفیسی شورای ناوبراو و لەبەردەم ئۆفیسدا بەڕێوەبەری شورا و یەکێک لەدەسیارانی چاوەڕێیان دەکرد تا لەگەڵ نوێنەری ڕێپێوانەکەدا کۆببنەوە.**

**جاسم غفور لەگەڵ مورات وەک نوێنەر بۆ گفتو گۆ و گەیاندنی داوای خۆپیشاندەران لەگەڵ بەڕیوەبەرانی شورادا کۆبوونەوەو بۆ ماوەی 25 خولەک گفتوگۆیان کرد، لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەران هۆی ئەنجامدانی ڕێپێوانەکەو داوای پەنابەرانیان پێ ڕاگەیاندن و ڕوونیان کردەوە کە ئەم بڕیارە زنجیرەیەکی ترە لە سیاسەتی جیاکارانەی دەوڵەت و بەرەنجام پەنابەران دوورەپەرێز و بێماف و وەک تاوانبار لە کۆمەڵ دووردەخاتەوە. بەڕێوابەرانی شورا پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە ئەوان هیچ دەسەڵاتێکیان لە کێشانەوەو گۆڕینی ئەو بڕیارەدا نیە و شورای مەرکەزیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ دەوڵەتدا بڕیاردەرن، نوێنەرانیش ئەم هەڵوێستەیان ڕەخنەلێگرت و تەئکیدیان کردەوە کە ئەوانیش وەک نوێنەری دەوڵەت لەو شارە بەرپرسن و دەتوانن دەوربگێڕن بۆ هەڵواشاندنەوەی بڕیارەکە. ئەوان دووبارە داوای لێبوردنیان کرد و بەڵێنیان دا کە پەیام و داواکاریەکانی خۆپیشاندەران بۆ شورای مەرکەزیان بەرزبکەتەوە. لە کۆتاییدا نوێنەران بە شوارایان ڕاگەیاند کە درێژە بە کەمپینەکەیان دەدەن و هەوڵ دەدەن کە لە ئاستی سەرتاسەری وولاتدا و بە هاوکاری ڕێکخراوو لایەنەکانی تر فشار بخەنە سەر دەوڵەت تا هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکە. دواجار نوێنەران گەڕانەوە بۆ لای خۆپیێساندەران و ئەنجامی کۆبوونەوەکەیان پێ ڕاگەیاندن وە هەر لەوێدا هەواڵی کۆبوونەوەی سبەینێ، شەممەی 12/9 ڕاگەیاند و داوایان لە خۆپیشاندەران کرد کە ئامادە بن تا گفتوگۆ لەسەر ئەنجامەکانی ڕێپێوانەکە بکەن و نەخشەکاری داهاتوو بڕیار بدەن. ڕێپێوانەکە لە نێو چەپڵەرێزان و حەماسەتدا کۆتای پێهات.**

**شایەنی ئاماژەپێکردنە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی کۆلێژەکانی کاستڵ کۆلیج و نیو کۆلیج و خەڵکی شاری نۆتینگهام بەشداریان کردو مامۆستاکان سەدان ئیمزایان لە کۆلیجەکاندا کۆ کردوەتەوە.**

**جاسم غفور/ نۆتینگهام**

06/11/8

**چەند وێنەیەک لە ڕێپێوانەکە**


DON'T STOP ENGLISH CLASSES FOR ASYLUM SEEKERS
Asylum
STOP ALL COLLEGE CUTS


DON'T STOP ENGLISH
END DISCRIMINATION PROVIDE EDUCATION
REFUGEES ARE WELCOME HERE
DON'T CUT ENGLISH CLASSES
WE NEED TO LEARN ENGLISH







**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK. www.csdiraq.com**

d.jamal@ntlworld.com **07856032991** **Burhan Fatah** burhanfatah@aol.com 07866757213

Office: 0161 234 2784 **Jasim Ghafur** jasm_rg@yahoo.co.uk 07877489626